# ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق
# لەنێوان یاسا و واقیعدا (١٩٩٢- ٢٠٢٢)

**پ. ی. د. جلال حسن مصطفی*** **عوسمان عبدالله احمد****

وشە کلیلییەکان: ناناوەندێتیی کارگێڕی، هەرێمی کوردستان، یاسا، واقیع.
https://doi.org/10.31271/jopss.10071

**پوختە**

ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق[١] (لێرە بەدواوە تەنها دەنوسین هەرێمی کوردستان) بابەتێکی جێی مشتومڕی نێوان لایەنە سیاسیە کاریگەرەکانە و بەشێکی بەرچاو لە کێشەکانی نەبوون یان لاوازی خزمەتگوزاریە گشتییەکان وابەستەن بەم چەمکەوە. هەرچەندە دەکرێت چەندین پرس و پرسیاری جیاواز دەربارەی ئەم چەمکە لە ئارادا بێت و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی بێلایەنانە هەبێت، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین جیاوازی پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێییە لە هەرێمی کوردستاندا، لە نێوان ئەو یاسایانەی بە مەبەستی برەوپێدانی دەرکراون و ئەوەی لە واقیعدا جێبەجێکراوە. لە هەوڵماندا بۆ بنکۆڵکردنی ئەم پرسە، بەدەر لە پێشەکی و دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان، توێژینەوەکە دابەشی سەر سێ باس دەکەین، بەم شێوەیە: باسی یەکەم کورتەیەکە دەربارەی چەمکی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی، باسی دووەم پاشخانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان دەخرێتەڕوو، و باسی سێیەم تایبەتە بە خستنەڕووی واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا و جیاوازیی لەگەڵ بنەمایاساییە دەقنووس کراوەکاندا.

---

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی زانستە ڕامیارییەکان/ کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان / زانکۆی سلێمانی
jalal.mistaffa@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر لە بەشی زانستە ڕامیارییەکان/ کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان / زانکۆی سلێمانی
othmanabdalla20@gmail.com

[١]- لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومڕانی هەرێمی کوردستانە، کە لە ماددەی (٥٣/ بڕگەی ا) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ئاماژەی پێکراوە، هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە تاکو بەر لە ٢٠٠٣/٣/١٩، لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوون. لەبەر ئەوە هەندێکجار لەم توێژینەوەیەدا لە جیاتی دەستەواژەی هەرێمی کوردستان- عێراق، تەنها دەستەواژەی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت، کە هەر مەبەست پێی (هەرێمی کوردستان- عێراق)ە. جێگەی ئاماژە پێدانە کە لە ئێستادا یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە جگە لە بڕگەی (ا ماددەی ٥٣ و ماددەی ٥٨) بە پێی ماددەی (١٤٨) لە دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ هەڵوەشاوەتەوە.

**ملخص**

**الامركزية الإدارة المحلية في إقليم كوردستان العراق بين القانون والواقع (١٩٩٢-٢٠٢٢)**

اللامركزية الإدارية في إقليم كوردستان العراق (من هنا فصاعدا، نشير اليه كإقليم كوردستان) بالرغم من كونها موضع نقاش بين الأحزاب السياسية المؤثرة في إقليم كوردستان، بالإضافة إلى أن جزءا ملموسا من القضايا المتعلقة بعدم وجود أو ضعف الخدمات العامة، تتعلق بجدوى هذا المفهوم. بالرغم مع من أن هناك الكثير من الأسئلة و الإشكاليات المطروحة حول مفهوم اللامركزية الإدارية، فإن السؤال الذي نحن بصدد دراسته هو إشكالية اللامركزية الإدارية بين القوانين والتشريعات الموضوعة التي تهدف إلى تعزيز دورها الحيوي و بين تطبيقها و تنفيذها على أرض الواقع في إقليم كوردستان. في محاولتنا لدراسة هذا الموضوع، و بجانب المقدمة و الخاتمة، نقوم بتقسيم هذه الدراسة الى ثلاثة مباحث رئيسية كما يلي: المبحث الاول هو مختصر تعريفي لمفهوم اللامركزية الإدارية، والمبحث الثاني يقدم خلفية مختصرة عن اللامركزية الإدارية في إقليم كوردستان، و أخيرا مستوى تطبيق القوانين الخاصة باللامركزية الإدارية في إقليم كوردستان.

**Abstract**

**Local Administrative Decentralization in the Kurdistan Region of Iraq between Law and Reality (1992-2022)**

Administrative decentralization in the Kurdistan Region of Iraq (hereafter referred to as the Kurdistan Region) despite being the subject of debate among influential political parties of Kurdistan Region. Additionally, a significant part of the issues related to the absence or weakness of public services in Kurdistan Region relate to the feasibility of this concept. Although there are many questions raised about the concept of administrative decentralization, the question we are going to study is the problem of administrative decentralization between the laws and legislations issued aming at enhancing its vital role and their application and implementation on the ground in the Kurdistan Region. In our attempts to study this topic, alongside the introduction and conclusion, we divide this research into three main sections as follows: a brief introductory definition of the concept of administrative decentralization, a brief background on administrative decentralization in the Kurdistan Region, and finally the level of application of laws related to administrative decentralization in the Kurdistan Region.

# پێشەکی

شێوازی ڕێکخستنی کارگێڕی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەرکە گشتییەکان، لەهەر دەوڵەتێک یاخود هەرێمێکدا، دابەشبوون بە سەر دووشێوازی سەرەکیدا کە ئەوانیش، ناوەندێتی (المركزية- Centralization) و ناناوەندێتییە (اللامركزية- Decentralization). لە هەرێمی کوردستاندا لە سەرەتای دروست بوونیەوە لە ساڵی ١٩٩٢، هەوڵدراوە لە ڕووی ڕێکخستنی کارگێرییەوە شێوازی ناناوەندێتیی کارگێڕی پەیڕەو بکرێت، لەو پێناوەدا چەندین یاسا و بڕیارو ڕێنمایی بە ئامانجی جێبەجێکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەرکراوە. لە ئێستادا لەسەر ئاستی سیاسی و کارگێڕی گفتوگۆیەکی زۆر لە سەر پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا دروست بووە. خستنەڕووی بنەما یاساییە دەقنووس کراوەکانی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا و واقیعی جێبەجێکردنیان؛ پاڵنەر بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە ژێر ناونیشانی (ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق لە نێوان یاسا و واقیعدا).

### گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بەهۆی ئەوەی لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا، مشت و مڕێکی زۆر لەسەر پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە نێوان لایەنە سیاسیەکان و دامەزراوە کارگێڕییە فەڕمییەکاندا دروست بووە، ئەوەش وادەکات ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێی لەم کاتەدا گرنگی خۆی هەبێت، چونکە دەتوانێت زانستیانە ڕاڤەی ئەم پرسە بکات. هەروەها دەتوانێت جگە لە بەرچاو ڕوونی بە دامەزراوە فەڕمییەکان و لایەنە سیاسییەکان، بۆ هاوڵاتیان و خوێنەرانیش بەسود و گرنگ بێت. لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکە وەک هەوڵێکی زانستی دەکرێت سود بە توێژەران و ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکان بگەیەنێت.

### ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی زانستی لە واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا بکۆڵێتەوە، هەروەها ئەوە ڕوونبکاتەوە، کە تاکو چەند توانراوە بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی وەک ئەوەی لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستاندا دەقنووسکراوە، لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێبکرێت. ئەوەش لە ڕێگەی خستنە ڕووی جیاوازی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە نێوان ئەوەی لە یاسادا هاتووە، لەگەڵ ئەوەی لە واقیعدا جێبەجێکراوە.

### کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە

هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە، بە ئامانجی جێبەجێکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی کاری بە چەند یاسایەک کردووە، لێرەوە کێشەی توێژینەوەکە خۆی

دەبینێتەوە لە گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەی، کە ئایا ئەو بنەمایانەی ناناوەندێتیی کارگێڕی کە لە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستاندا دەقنووسکراون، لە واقیعدا وەک خۆیان جێبەجێکراون؟

## ڕێبازی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە چۆنایەتییە (النوعیة- Qualitative) و پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی کەیس (Case Study) کە وا پێناسەکراوە کە بریتیە لە (پشکنینی ووردی ژینگەیەک یان بابەتێکی دیاریکراو، یاخود شیکاریی کۆمەڵە بەڵگەنامەیەکی تایبەتە بە بابەتێکی دیاریکراو، یان ڕووداوێکی دیاریکراو)[٢]. ئەم میتۆدە گونجاوە لەگەڵ هەموو ئەو توێژینەوانەی کە توێژینەوە لەسەر دیاردە و ڕووداوەکانی ئێستا دەکەن، هەروەها سنورەکانی ئەم میتۆدە تەنها لە وەسفکردن یاخود باسکردندا کۆتایی نایەت، بەڵکو شیکاریی و لێکدانەوەش بۆ ڕووداو و دیاردەکان دەکات و هەڵیاندەسەنگێنێت. ئەمەش لە گەڵ ناوەڕۆکی توێژینەوەکەی ئێمە یەک دەگرێتەوە، کە باسکردنە لە ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان یاسا و واقیعدا. ئەوەش لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی دەقە یاساییەکان و شیکردنەوەی زانیارییە بە دەستهاتووەکان بە شێوەیەکی زانستیانە.

## پەیکەربەندی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان، لە سێ باس پێکدێت، لە باسی یەکەمدا ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی دەناسێنین، لە باسی دووەمدا پاشخانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا ڕووندەکەینەوە، لە باسی سێیەمیشدا ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان یاسا و واقیعدا دەخەینەڕوو.

[٢]- سەیری لاپەڕە ١٧٠ی ئەم سەرچاوەیە بکرێت

Lune, H. and Berg, B.L., 2017. *Qualitative research methods for the social sciences*. Pearson.

## باسی یەکەم: ناساندنی ناناوەندێتیی کارگێڕی

چەمکی ناناوەندێتیی[٣] بە زۆر مانا بە کارهاتووە و پێناسەی جیاوازیشی بۆ کراوە، ئەوەش وایکردووە دیاریکردنی یەک واتا و یەک پێناسە بۆ چەمکی ناناوەندێتیی ئاسان نەبێت، بەڵام دەکرێت بڵێین زۆرجار ئەم چەمکە لە ڕووی دەسەڵات پێدان (التفویض) ەوە، لەگەڵ چەمکی ناوەندێتی، وەک دوو سیستەمی دژ، یاخود پێچەوانەی یەکتر دەناسرێن[٤]. واتە ئەگەر مەبەست لە سیستەمی ناوەندێتی بە مانا فراوانە گشتییەکەی بریتیی بێت لە چڕکردنەوە و کۆکردنەوەی دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکان لە دەستی حکومەتی ناوەندیدا لە پایتەخت، بە بێ بەشداری پێکردنی هیچ ئاستێکی دیکە[٥]. ئەوا بە پێچەوانەی ناوەندێتییەوە، بیرۆکەی ناناوەندێتیی، لە سادەترین واتایدا بریتییە لە "گواستنەوەی پرۆسەی بڕیاردان و جێبەجێکردن لە دەسەڵاتی ناوەندییەوە بۆ یەکە کارگێڕی و سیاسی و جوگرافییەکانی دیکەی خوار ناوەند"[٦].

لەو پێناسەیەوە دەردەکەوێت کە یەکە ناناوەندییەکان دەکرێت یەکەی کارگێڕی بن و دەسەڵات

---

[٣]- لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا چەمکی ناناوەندێتی ( اللامركزية)، لە ڕێگەی شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ چەمکی ناوەندێتی (المركزية) پێناسەکراوە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی لە زمانی عەرەبیدا، مانای (اللامركزية)، پێچەوانەی واتای (المركزية) دەگەیەنێت، کەواتە بۆ ئەوەی لە ڕووی زمانەوانییەوە بنەڕەتی وشەی ناناوەندێتی بزانین، دەبێت سەرەتا لە چەمکی ناوەندێتیی تێبگەین. چەمکی ناوەندێتیی (المركزية-Centralization) لە کرداری (ركز- Centraliser) داتاشراوە، کە ئەویش لە وشەی (مركزي- Central) ناوەندییەوە وەرگیراوە، بنەڕەتەکەی لە وشەی (Centralis)ی لاتینییەوە هاتووە، کە داتاشراوی کرداری (Centrum)ە، و بە مانای (ناوەندی) دێت، لە ڕووی سیاسییەوە بە سیستەمێک دەگوترێت کە هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابوری و کارگێڕی لە دەستی حکومەتی ناوەندیدا کۆبووەتەوە، دام و دەزگاکان لەسەر ئاستی ناوچە و پارێزگاکان ملکەچ دەبن بۆ دەسەڵات و بڕیارەکانی حکومەتی ناوەند. لە بەرامبەردا وشەی (Decentralization) ی ئینگلیزی هەیە، کە بە مانای ناناوەندێتیی (اللامركزية) دێت و پێچەوانەی چەمکی ناوەندێتییە (المركزية- Centralization). ئەویش بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی ناوەند لە پایتەخت و یەکەکانی خوارتر... بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بنەڕەتی وشەی (ناناوەندێتیی-اللامركزية) لە ڕووی زمانەوانییەوە، بڕوانە: احمد العايد وآخرون، المعجم العربي الأساسي، المنظمة العربية للتربية و الثقافة والعلوم، ناشر لاروس، ١٩٨٩، ص٥٤٦-٥٤٧. و وليد غالب، الواقع اللامركزية السياسية في العراق و اثرها المستقبلية، دار انكي للنشر و التوزيع، بغداد، ٢٠٢١ ص١٦-١٩. هەروەها بڕوانە: ئەحمەد شەبانی، فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان، لە بڵاو کراوەکانی زانکۆی کوردستان، سنە- ئێران، ٢٠١٠، ل٣٢٥.

[٤]- فريجة محمد هشام، اللامركزية، أسلوب للتنمية، مجلة الاستاذ الباحث للدراسات القانونية و السياسية: مجلة فصلية دولية علمية محكمة تصدرها كلية الحقوق و العلوم السياسية- جامعة محمد بوضياف- الجزائر، العدد السابع، المجلد الثاني، سبتمبر٢٠١٧، ص٥٢٩. هەروەها بۆ زانینی جیاوازی نێوان سیستەمی ناوەندێتیی و ناناوەندێتیی بڕوانە: د. مصطفى كامل، شرح القانون الاداري، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٤٩، ص٣٣٨.

[٥]- د. خامۆش عومەر، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١، ل٤١.

[٦]- وەرگیراوە لە: د. یوسف گۆران و ئەوانی دیکە، ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕانانی ئایندەیی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی کە سەنتەرێکی زانستی ناحکومیە و گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات لە سلێمانی دەریدەکات، ژمارە (٣)، نیسانی٢٠٢٠ ، ل٧.

و تایبەتکارییەکانیان بە یاسای ئاسایی ڕێکخرابێت، هەروەها دەکرێت یەکەی سیاسی بن و دەسەڵات و تایبەتکارییەکانیان بە دەستوور دیاریبکرێت.

هەروەها سیستەمی ناناوەندێتیی دەکرێت پێناسەی بکەین بەوەی کە "ئەو شێوازە ڕێکخستنەیە کە بونیادنراوە لە سەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی، لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندیی و یەکە کارگێڕییەکانی خوارتر، کە ئەویش یان ناناوەندێتیی سیاسی، یاخود کارگێری یان دارایی دەبێت"[٧]. کەواتە بە پێی ئەم پێناسەیە لە ناناوەندێتییدا دەکرێت دەسەڵات و بەرپرسیارێتی لە ئاستی حکومەتی ناوەندییەوە بۆ ئاستەکانی خوار ناوەند لە هەرێم و پارێزگاکان بگوازرێتەوە، ئەمەش واتای وایە کە ناناوەندێتیی یەک شێوەی نییە، بەڵکو بە پێی جۆری ئەو دەسەڵاتانەی کە دەگوازرێتەوە جۆری ناناوەندیتیەکە دەگۆڕێت، کە ئەویش ناناوەندێتیی سیاسی یان ناناوەندێتیی کارگێڕی یاخود ناناوەندێتیی ئابوری و داراییە دەبێت.

ئەوەی ئامانج و مەبەستی ئەم توێژینەوەیەی ئێمەیە بریتییە لە ناناوەندێتیی کارگێڕی، وەک جۆرێک لە جۆرەکانی ناناوەندێتیی، کە دەکرێت پێناسەی بکەین بەوەی بریتییە لە "بوونی چەند دەسەڵاتێکی کارگێڕی خۆجێیی یان هەرێمی (محلي او اقليمي)، یاخود خاوەن بەرژەوەندی (مصلحي او المرفقي) کە خاوەن کەسایەتی گشتی مەعنەوین و لە ژێر جۆرێک لە چاودێری دەسەڵاتی کارگێڕی ناوەندیدان، کە بە (الوصاية الادارية[٨]) دەناسرێت"[٩].

لەو پێناسەیەوە ڕووندەبێتەوە، کە دابەشکردنی دەسەڵات لە ناناوەندێتی کارگێڕیدا لە چوارچێوەی یاسایی تایبەتمەندا دەبێت، ئەمەش یان لەسەر بنەمای جوگرافی دەبێت و بە ناناوەندێتی کارگێڕیی خۆجێی یان هەرێمی ناودەبرێت، کە خۆی لە (پارێزگا، قەزا، ناحیە...هتد) دەبینێتەوە، یاخود لە سەر بنەمای بابەتی (موضوعي) دەبێت، کە بە ناناوەندێتی کارگێڕی بەرژەوەندیی ناودەبرێت، خۆی لە (کۆمپانیا گشتییەکان، زانکۆکان، سەندیکا و یەکێتییەکان و...هتد) دەبینێتەوە[١٠]. لەسەر ئەو بنەمایە ناناوەندێتی کارگێڕی دابەشدەکرێت بۆ دوو جۆر ئەوانیش ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی یان هەرێمی (محلي او اقليمي). هەروەها ناناوەندێتی بەرژەوەندی (مصلحي او مرفقي) یە.

ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی (کە بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەیە) دەکرێت بەو شیوەیە

---

[٧]- د. ادريس حسن و فوازخلف ظاهر، الرقابة على الهيئات الادارية اللامركزية الاقليمية فى العراق (دراسة تحليلية فى ضوء نصوص دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ و قانون المحافظات غير المنتظمة فى اقليم رقم (٢١) لسنة ٢٠٠٨ المعدل، دراسة منشورة فى مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية و السياسية، مجلد (٤)، العدد (١٤)، العراق،٢٠١٢، ص١٨٣.

[٨]- (الوصاية الادارية او الرقابة الادارية) بریتییە لە کۆمەڵێک دەسەڵات کە بە پێی یاسا دەدرێت بە دەسەڵاتی ناوەند، بۆ چاودێریکردنی کار و ئەرکەکانی دەستە خۆجێییەکان لە پێناو پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندی گشتی...بڕوانە: د. عثمان خليل، القانون الاداري، دار الفكر العربي، ط٢، ١٩٥٤، ص٥٧.

[٩]- نقلا عن: د. ماجد راغب الحلو، القانون الاداري، دار المطبوعات الجامعية، الاسكندرية- مصر، ٢٠٠٠، ص٩٣.

[١٠]- بڕوانە: د. مازن راضي ليلو، القانون الاداري، منشورات الاكاديمية العربية فى الدانيمارك، ٢٠٠٨، ص ٤٠-٤١.

پێناسە بکرێت کە "ناناوەندێتیی کارگێڕی ئەو سیستەمەیە کە لە سەر بنەمای جیاکردنەوە و دابەشکردنی ئەرکە کارگێڕییەکان، لە نێوان دەسەڵاتە خۆجێییە کارگێڕییەکان و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە ناوەندا دامەزراوە، بە جۆرێک دەسەڵاتە خۆجێییەکان لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری حکومەتی ناوەندیدا، کاروبارەکانی خۆیان ڕادەپەڕێنن"[11]. بە پێی ئەو پێناسەیە لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا تەنها دەسەڵاتی کارگێڕی (جێبەجێکردن) لە نێوان حکومەتی ناوەندی لە دەوڵەت، یاخود هەرێم لەگەڵ دەستە خۆجێییەکان دابەشدەکرێت، ئەم دەستە و دامەزراوە خۆجێیانەش بە تەواوی سەربەخۆ نین، بەڵکو لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی ناوەندیدان.

لە کۆتاییدا دەتوانرێت لە کۆی گشتی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا ئەوە بەدیبکەین، کە لە هەموو پێناسەکاندا جەخت لەسەر چەند بنەمایەک بۆ ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی کراوەتەوە کە بریتین لە:-

یەکەم: ناناوەندێتیی کارگێڕی شێوازێکە لە شێوازەکانی ڕێکخستنی کارگێڕی

دووەم: لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا تەنها ئەرکە کارگێڕییەکان، نەک سیاسی و یاساییەکان لە نێوان، حکومەتی ناوەند و دەستە خۆجێییە کارگێرییەکان، یاخود خاوەن بەرژەوەندییە سەربەخۆکان، کە خاوەن کەسایەتی یاسایین دابەشدەکرێت.

سێیەم: دەستە خۆجێیەکان و دامەزراوە خاوەن بەرژەوەندییەکان لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا بە تەواوی سەربەخۆ نابن، بەڵکو لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی ناوەندیدا دەبن.

لیرەوە دەردەکەوێت کە بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی پێویستمان بە بوونی چەند ڕەگەزێک هەیە لەوانە[12]:-

١- بوونی ناوچە یاخود دابەشبوونێکی جوگرافی دیاریکراو بە پشت بەستن بە پێوەرە بابەتی و یاساییەکان، کە بتوانێت ئامانجەکانی ناناوەدێتی بەدیبهێنێت.

٢- هەبوونی بەرژەوەندی تایبەتی ناوچەیی، جیاواز لە بەرژەوەندی گشتی نیشتیمانی لە مەودایەکی جوگرافی دیاریکراودا.

٣- هەبوونی دەستە یان ئەنجومەنێکی تایبەت کە نوێنەرایەتی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بکات.

٤- دەسەڵاتی ناوەند مافی چاودێریکردنی ئیدارەی خۆجێی دەبێت، بەمەبەستی پاراستنی یاسا و بەرژەوەندی گشتی.

## باسی دووەم: پاشخانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە، تاکو ساڵی ١٩٩٢ سیستەمی کارگێڕی خۆجێیی کارپێکراو لە ناوچە کوردنشینەکان (هەرێمی کوردستانی ئێستا) هیچ جیاوازییەکی نەبووە لەگەڵ ئەو

[11]- المصدر نفسه، ص٣٩.

[12]- ذكرى عبد الستار حميد، معوقات التحول إلى اللامركزية في الادارة الحضرية / حالة العراق، بحث مقدم إلى المنتدى الوزاري العربي الاول للاسكان والتنمية الحضرية، القاهرة، ٢٠-٢٢ كانون الاول ،٢٠١٥، ص٤.

سیستەمە کارگێڕییە خۆجێییەی کە لە سەرجەم ناوچەکانی دیکەی عێراق[١٣] کارییپێکراوە[١٤].

هەرچەندە لە ساڵی ١٩٧٤ یاسای حوکمی زاتی بۆ ناوچە کوردنیشینەکانی عێراق دەرچوو، بەڵام لە یاساکەدا زۆر بەڕوونی ئاماژە بەوە کراوە، کە ناوچەی حوکمی زاتی یەکەیەکی کارگێڕی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە لە چوارچێوەی یەکەی یاسایی و سیاسی وئابوری کۆماری عێراق، دابەشکردنی کارگێڕی لە ناوچەی حوکمی زاتی، وەک تێکڕای بەشەکانی دیکەی عێراق دەبێت و کار بە یاسای پارێزگاکانی عێراق[١٥] ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ دەکرێت[١٦]. لە هۆیەکانی دەرچواندنی یاساکەدا ئاماژە بەوەکراوە، کە بۆ ئەوەی داواکاری و ئارەزووی هاوڵاتیان بێتەدی حکومەتی شۆڕش بە پێویستی زانی یاسایەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردن دابنێت، کە پشت ببەستێت بە بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی[١٧].

هەر بە پێی ئەم یاسایە عێراق دابەشکرابوو بەسەر چەند پارێزگایەکدا، هەر پارێزگایەک بەسەر چەند قەزاو، هەرقەزایەکیش بەسەر چەند ناحیەیەکدا. بە جۆرێک هەریەکە لەو یەکە کارگێڕییانە خاوەن کەسایەتی مەعنەویی دەبن و ئەنجومەنێکیان دەبێت کە نوێنەرایەتیان دەکات، بەڵام سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکە، کە لە هەمانکاتیشدا سەرۆکایەتی ئەو ئەنجومەنانە دەکات، لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە دادەنرێت[١٨].

لە ساڵی ١٩٩٢ دەرفەتی ئەوە هاتە پێش کە هەرێمی کوردستان، وەک ناوچەیەکی کاریکردە (ئەمری واقیع- دیفاکتۆ) لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی عێراق دروست ببێت. ئەمەش وایکرد لە ڕووی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کارگێڕییەوە جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی عێراق خاوەن تایبەتمەندی خۆی بێت. لەبەرئەوە هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دروست بوونییەوە، تاکو

[١٣]- دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٢١ لە دەستور و یاسا کارپێکراوەکانیدا بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕووی تیۆریەوە ئاماژەی بە بنەماکانی ناناوەندیتی کارگێڕیی کردووە ، بەڵام لە ڕووی کرداریەوە عێراق، چ لە سەردەمی مەلەکی (١٩٢١-١٩٥٨)، چ لە سەردەمی کۆماری (١٩٥٨-٢٠٠٣)، بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی جێبەجێنەکردووە. لەبەرئەوەی لە سەرجەم دەستوورە یەک لە دوای یەکەکان و ئەو یاسایا نەشی بە مەبەستی ڕێکخستنی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان لە عێراقدا دەردەکران، دەسەڵاتی ناوەند زۆر بەهێز بووە و یەکە کارگێڕییەکان لە ژێر چاودێریەکی توندی ناوەندا بوون، هەروەها زۆربەی جاریش سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان لەلایەن ناوەندەوە دانراون، کە ئەمانەش پێچەوانەی سروشتی ناناوەندێتی کارگێڕییە. بەڵام لە دوای گۆڕانکاریەکانی ساڵی ٢٠٠٣، عێراق بوو بە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و لە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکاندا، زیاتر گرنگی بە ناناوەندێتیی سیاسی و کارگێڕی دراوە و بە کرداریش جێبەجێکراوە. بۆ ئاشنا بوون بە مێژوویی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە عێراقدا بڕوانە: د. ماهر صالح، مبادیء القانون الاداري (دراسة مقارنة)، جامعة بغداد- كلية القانون، بغداد، ٢٠٠٩، ص٤٣-٧٣. هەروەها بڕوانە: د. غني زغير و د. ميسون طه، مبادیء القانون الاداري والتنظيم الاداري في العراق، كلية الامام الكاظم، العراق، ٢٠١٩، ص٦٠-٨٣. علي محسن عاصي التميمي، اللامركزية الادارية في العراق بعد عام ٢٠٠٣ الواقع... والمستقبل مجلس محافظة بغداد نموذجآ، دار الكتب والوثائق ببغداد، ٢٠١٩، ص٣٧-٥٠.

[١٤]- هۆگر ئیبراهیم، سروشتی دیموکراتی لامەرکەزیەتی کارگێڕیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ل ١٦٥.

[١٥]- ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی ژمارە (١٧٨٩) لە ١٩٦٩/١٠/١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

[١٦]- بڕوانە: المادة (١ فقرة ج) من القانون الحكم الذاتي لمنطقة كردستان رقم (٣٣) لسنة ١٩٧٤.

[١٧]- بڕوانە: الاسباب الموجبة من قانون المحافظات رقم ١٥٩ لسنة ١٩٦٩.

[١٨]- بڕوانە: المواد (٢، ٨، ٩، ١٣) من القانون المحفظات العراقي رقم (١٥٩) لسنة ١٩٦٩.

گەیشتووە بە ئەمڕۆ بە چەند بارودۆخێکی سیاسی و کارگێڕی جیاوازدا تێپەڕبووە، ئەم قۆناغە جیاوازانەش کاریگەری جیاجیای لە سەر شێوازی ڕێکخستنی کارگێڕی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان هەبووە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە شێوازی بەڕێوەبردنی خۆجێی لە هەرێمی کوردستاندا، لە دوای ساڵی ١٩٩٢ەوە، ئەو ماوەیە بە سەر دوو قۆناغدا دابەشدەکەین، کە ئەوانیش: قۆناغی یەکەم لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢- ٢٠٠٣)، هەروەها قۆناغی دووەم لە ساڵی (٢٠٠٣-٢٠٢٢)، ئەوەش لەبەرئەوەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە، لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، شێوازی ڕێکخستنی کارگێڕی خۆجێیی گۆڕانی بەسەردا هات، ناناوەندێتیی کارگێڕی، وەک بنەمایەکی سەرەکی بەڕێوەبردن لە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکاندا جێگیرکرا.

**قۆناغی یەکەم: بەڕێوەبردنی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢- ٢٠٠٣)**

لە ڕێکەوتی (١٩٩٢/٨/٣١) ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق[١٩] بڕیاریدا چاو بە هەموو ئەو یاساو بڕیارو پەیڕەو ڕێنماییانەدا بخشێنێتەوە کە لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییەوە دەرچوون و ئەوانەیان لێ بژاردە بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستاندا ناگونجێت، هەروەها لە خاڵی دووەمی هەمان بڕیاردا هاتووە، کە کار بە ئەحکامی ئەو یاساو بڕیارو پێڕەو ڕێنماییانە ناکرێت، کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەرچوون یان لەمەو دوا دەردەچن، بەتایبەتیش پاش کشانەوەی ئیدارە حکومییەکان لە (١٩٩١/١٠/٢٢) لەهەرێمی کوردستان، مەگەر ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق بڕیار لەسەر ڕەوایی کارپێکردنی لەناو هەرێمەکەدا بدات[٢٠].

لە دوای کشانەوەی ئیدارەی حکومەتی ناوەندی عێراق لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، لەپێناو بەڕێوەبردن و ڕێکخستنەوەی یەکە کارگێڕیەکان یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ی، لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆک، سلێمانی و قەزاو ناحیەکان بەبەرکاری ماوەیەوە. بە پێی یاساکە کاروباری یەکە کارگێڕییەکان لە ڕێگای ئەو بەرپرسانەوە بەڕێوە دەچوون، کە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دادەنران[٢١]، واتە تاکو ڕاگرتنی کارکردن بە یاساکە سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دادەمەزران[٢٢].

[١٩]- بە پێی ماددەی (١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان- عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان- عێراق، شوێنی ناوی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان- عێراق، لە هەموو یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمدا دەگرێتەوە.

[٢٠]- بڕوانە: بڕیاری ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق، ژمارە (١١) لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/٣١.

[٢١]- محمد ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

[٢٢]- لە دوای دروست بوونی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، تاکو بەرکارکردنی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق، کار بەم یاسایە کراوە. بەڵام بە پێی ماددەی (٣٧) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، کارکردن بە یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ ڕاگیراوە.

پاشان بە ئامانجی باشتر بەڕێوەبردن و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە هاوڵاتیان لە ساڵی ١٩٩٣دا، ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی دەرکرد[٢٣]. بە پێی ئەم یاسایە، شارەوانییەکان خاوەن کەسایەتی مەعنەوین و هەر شارەوانییەک ئەنجومەنێکی دەبێت کە ئەندامەکانی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیاریدەکرێن[٢٤]. بەڵام بە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی وکارگێڕییەوە دابەش ببو بەسەر دووئیدارەو دووزۆندا، کە بە زۆنی سەوزو زۆنی زەرد ناسرابوو، لە زۆنی زەرد پارتی و لە زۆنی سەوز یەکێتی باڵا دەست بوون، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان ئەنجامنەدرا، تاکو سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠، کە بە جیاو لە دووکاتی جیاوازدا ئەنجامدرا. لە سنوری پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٢/٣، یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان بەڕێوە چوو، بەڵام پارتی بەشداری تێدا نەکرد. لە سنوری ئیدارەی هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٥/٢١، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان ئەنجامدرا، بەڵام یەکێتی بەشداری تێدا نەکرد[٢٥].

کەواتە دەتوانین بڵێین سەرەڕای بەرکاربوونی هەریەکە لە یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩، هەروەها یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان لەهەرێمی کوردستان، کە دوویاسای تایبەت بوون بە بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان، بەڵام لەم قۆناغەدا بەهۆی بارودۆخی سیاسی وشێوازی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، کە دابەشببوو بەسەر دوو ئیدارەی جیاوازدا، لەهەر ئیدارەیەک حکومەتێکی سەربەخۆ بوونی هەبوو، ئەمەش وایکردبوو هەرێمی کوردستان لە بری ناناوەندێتی، زیاتر لە دووناوەندی سەربەخۆ بچێت، لەبەرئەوە لەم قۆناغەدا نەتوانرا سیستەمی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێی جێبەجێبکرێت.

**قۆناغی دووەم: بەڕێوەبردنی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣- ٢٠٢٢)**

لە دوای ڕوخاندنی حکومەتی ناوەندیی عێراق لە ٢٠٠٣/٤/٩، سیستەمی سیاسی لە عێراق گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هات. بە جۆرێک عێراق لە دەوڵەتێکی سادەوە بوو بە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و ناناوەندێتیی کارگێڕی و سیاسی بایەخی زیاتری پێدرا. لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١/٣٠، هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ یەکەمجار لە عێراق، هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان کرا، ئەم هەڵبژاردنە پاڵپشت بوو بە بڕیاری ژمارە (٧١)ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان[٢٦]،

[٢٣]- ئەم یاسایە لە (٥٩) مادە پێکهاتووە، بە بڕیاری ژمارە (١٦)ی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق لە ١٩٩٣/٣/٨ دەرکراوە.

[٢٤]- بڕوانە: مادەکانی (١بڕگەی٥، ١٧، ٥٣) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦) ی ساڵی ١٩٩٣.

[٢٥]- محمد ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

[٢٦]- ئەم بڕیارە تایبەتە بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و لە (٩) مادە پێکهاتووە، لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی بە ژمارە (٣٩٨٣) لە ٢٠٠٤/٦/١ بڵاکراوەتەوە.

كە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/٤/٦ دەرکرابوو، لە ژێر ناونیشانی دەسەڵاتەکانی حکومەتە خۆجێییەکان[٢٧].

بە پێی ئەم بڕیارە هەر پارێزگایەک ئەنجومەنێکی بۆ دانرا، کە ژمارەی ئەندامەکانی لە (٤١) ئەندام پێکهاتبوو، جگە لە بەغدادی پایتەخت کە ژمارەی ئەندامەکانی (٥١) ئەندام بوو. لە هەرێمی کوردستانیش، هاوشێوەی عێراق هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بە پێی بڕیاری ژمارە (٧١) ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان ئەنجام درا و خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی عێراق دەست بەکاربوون، بۆ هەرسێ پاریزگاکە (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) ئەنجومەنێکی ٤١ کەسی هەڵبژێردرا. بەڵام بە هۆی تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان و هەبوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بوونی ئاماژەیەك لە دیباجەی بڕیارەکە سەبارەت بەوەی کە هەرێمی کوردستان دەتوانێ شێوازێکی دیکە پەیڕەو بکات[٢٨]، ئەنجومەنی پارێزگاکان نەیانتوانی هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەپێی ناوەڕۆکی بڕیاری ژمارە (٧١)، کارەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن[٢٩].

لەبەرئەوەی لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق، هیچ دەقێکی تێدانییە باس لە ڕێکخستنی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا بکات، بەڵکو دەستەواژەی ئەو پارێزگایانەی کە لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێک نەخراون لە دەستوورەکەدا هاتووە، ئەوەش واتای وایە ڕێکخستنی کارگێڕی بۆ هەرێمی کوردستان خۆی جێهێشتووە[٣٠]. لە سەر ئەو بنەمایە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێککەوتی ٢٠٠٩/٤/٢٠، یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ کە بە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ناسراوە دەرکرد[٣١]. لە مادە (٤١) ی یاساکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەم یاسایە لە دەستپێکی خولی

[٢٧]- صالح تۆفیق، التنظیم القانوني لمجالس المحافظات فی اقلیم کردستان العراق، رسالة ماجستیر، کلیة القانون والسیاسة- قسم القانون، جامعة سلیمانیة، سنة ٢٠١٧، ص٥٣.

[٢٨]- لە بڕیارەکەدا هاتووە "دان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنێت، و هیچ کاریگەرییەکی نابێت لەسەر ئیدارەی ئەو ناوچانەی کە لە ١٩ی ئازاری ٢٠٠٣ەوە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو حکومەتەدا بوون لە پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دیالە و نەینەوا... بڕوانە: القسم (١) من امر سلطة الائتلاف المؤقتة في العراق رقم (٧١) لسنة ٢٠٠٤.

[٢٩]- بڕوانە: ماڵپەڕی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، هەندێک زانیاری لەسەر خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەردەستە لە ماڵپەڕی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:
ڕێکەوتی سەردانی کردن(٢٠٢٢/٦/١٧)https://bit.ly/3CMJIV9

[٣٠]- بڕوانە: مادەی (١٢٢)ی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراق .

[٣١]- ئەم یاسایە لە (٤١) مادەپێکهاتووە، لە سەرداوای ئەنجومەنی وەزیران، لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٨)ی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٤/٢٠دا، دەرچوێنراو لە ژمارە (١٠٠)ی ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان لە ٢٠٠٩/٦/١ بڵاو کراوەتەوە. لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٨ یاساکە هەمواركراوەتەوە. هەمووارەکە لە (٥ مادە) پێکهاتووە، بەڵام زیاتر جەخت لەسەر دوو مادەکراوەتەوە، یەکێکیان ئەوەیە پارێزگار جگە لە ناو ئەندامانی ئەنجوومەن لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەنیش هەڵدەبژێردرێت. مادەکەی دیکە تایبەتە بە درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. بۆ خوێندنەوەی دەقی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و هەمواری یەکەمی یاساکە بڕوانە: ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستان:
ڕێکەوتی سەردانی کردن (٢٠٢٢/٦/١٧)https://www.parliament.kr

هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنەکان جێبەجێدەکرێت[٣٢]. ئەو هەڵبژاردنەش، کە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بوو، بە پێی یاسایی ژمارە (٤)ی ساڵی٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە بەرواری ٢٠١٤/٤/٣٠ ئەنجامدرا[٣٣].

بەو شێوەیە بە پێی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و لەسەر بنەمای یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەندامانی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستاندا هەڵبژێردران و دەست بەکار بوون[٣٤]، تاکو ئێستا (٢٠٢٢) بەردەوامن لە کارکردن[٣٥]. بەڵام هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامنەدرا، وەک لە هەردوو یاسای ئاماژەپێکراوی سەرەوەدا هاتووە، کە دەبوو لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ئەنجامبدرایە.

هەر لەم قۆناغەدا بە مەبەستی جێبەجێکردن و پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە و لابردنی ڕێگری یاسایی بۆ پێکهێنانی پارێزگاکە[٣٦]، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەی دەرکرد[٣٧]. یاساکە بە تەواوی یاسایەکی بەدەرە (استثناء) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بە ڕوونی لەماددەی (٩) دا دیارە، کە ئاماژە بەوە کراوە

[٣٢] - بڕوانە: مادده (٤١) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٣٣] - ئەم یاسایە لە (سی و پێنج) مادده پێکهاتووە، لە ژمارە (١٠٢)ی وەقائیعی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٣ بڵاو کراوەتەوە. لە یاساکەدا باس لەوە کراوە هەر پارێزگایەک بە پێی سنوری کارگێڕیی خۆی دەبێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، هەر قەزاو ناحیەیەکیش بە پێیی سنوری کارگێڕیی فەرمی خۆی دەبێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنە خۆجێییەکانی قەزاو ناحیەکان. وەک لە هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئاماژەی پێکراوە، ئەم یاسایە لە پێناو بە هێزکردنی بنەماکانی دیموکراسی و دەستاو دەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و بە مەبەستی ڕێگە گرتن لە چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنیان لەسەر بنەمای ناناوەندێتی کارگێڕیی دەرچوێنراوە. ئەم یاسایە بەر لەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دوو جار هەموار کراوەتەوە، کە هەمواری یەکەمی یاساکە لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/١ بە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١١، هەمواری دووەمی یاساکە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٦/١٩ بە یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠١٣ بووە.

[٣٤] - بڕوانە: ڕێبەری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (خولی دووەم)، ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان، کتێبی یەکەم، چاپخانە (نەنوسراو)، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٤.

[٣٥] - لە ٢٠١٨/٩/٢٤ ماوەی یاسایی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان (خولی دووەم) کۆتایی هات، بەڵام لە دانیشتنی ژمارە (١٢) لە ٢٠١٩/٧/٨ دا، پەرلەمانی کوردستان ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکانی درێژ کردەوە تا هەڵبژاردنی خولێکی نوێی ئەنجومەن...بڕوانە: ماددەی (٢) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق. کە لە ڕۆژنامەی واقائیعی کوردستان ژمارە (٢٣٩ لە ٢٠١٩/٧/٣١) بڵاو کراوەتەوە.

[٣٦] - بڕوانە : هۆیەکانی دەرچواندنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٣٧] - ئەم یاسایە لە (١٢) مادە پێکهاتووە، لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بە ژمارە (١٨٣) لە ٢٠١٥/٢/٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

ماددەکانی دیکەی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێدەکرێن و بە بەرکاری دەمێننەوە ئەگەر لەگەڵ هەمووی، یاخود بەشێکی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک نەبێت[٣٨].

بە پێی یاساکە، پارێزگای هەڵەبجە ئەنجومەنێکی تایبەتی دەبێت کە ژمارەی ئەندامەکانی لە (٢٥) ئەندام زیاتر نەبێت و بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەست نیشاندەکرێن[٣٩]. هەروەها لە ماددەی (٣) یاساکەدا هاتووە کە "لە نێو ئەندامانی ئەنجومەن سەرۆک و جێگرەکەی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێن"[٤٠]. لە ماددەی (٧/ یەکەم)ی یاساکەدا هاتووە "پارێزگار بە مەرسومێکی هەرێمی دادەمەزرێت کە لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت"[٤١].

لەکۆتایدا دەکرێت بڵێین هەرێمی کوردستان لە سەرەتایی دروست بوونیەوە پەیڕەوی لە چەندین یاسای جیاواز کردووە لە پێناو بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لەو یاسایانە کەمترین ئاماژەی تێدایە بۆ جێگیرکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، لە هەندێکی دیکەیان، وەک یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، توانراوە بە شێوەیەکی ڕوون باس لە جێبەجێکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی بکرێت. بەڵام تا چەند ئەو بنەمایانە لە ڕووی کردارییەوە کاریان پێکراوە و لە واقیعدا جێبەجێکراون؟ هەوڵدەدەین لە باسی داهاتوودا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە.

## باسی سێیەم: ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان لەنێوان یاسا وواقیعدا

بۆ تێگەیشتن لە ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەر دەوڵەتێک یاخود هەرێمێکدا، بە تەنها بەس نییە لە ڕێگەی یاسا و ڕێساکانەوە لێی بڕوانین، بەڵکو گرنگە بزانین تا چەند لە ڕووی کردارییەوە کار بەو یاسایانە کراوە، کە بە ئامانجی جێبەجێکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەرکراون. دەتوانین بڵێین ئەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە پێناو ڕێکخستنی کارگێڕی خۆجێیی و بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان کاریانپێکراوە بریتین لە:

یەکەم: یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩

دووەم: یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣.

[٣٨]- م. ی. سۆران علی حسن، پێکهێنان و تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی ناناوەندی کارگێڕی، گۆڤاری یاسا و رامیاریی: گۆڤارێکی نیو ساڵانەی ئەکادیمی تۆکمەیە لە لایەن کۆلێژی یاساو زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدینەوە دەردەکرێت، ساڵی سێزدەهەم، ژمارە (١٨)، کانونی یەکەمی ٢٠١٥، هەولێر، ل ٣٧٨.

[٣٩]- بڕوانە: ماددەی (٢/ یەکەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٤٠]- ماددەی (٣) هەمان یاسای ئاماژە بۆکراوی سەرەوە.

[٥]- بڕوانە: ماددە (٧/ یەکەم) لە هەمان یاسای سەرەوە.

سێیەم: یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩
چوارەم: یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥
لەبەر ئەوە لەم باسەدا هەوڵدەدەین واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی ماددەو بڕگەکانی هەر یەک لەو یاسایانەدا بخەینە ڕوو.

**یەکەم: یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩**

لە هەرێمی کوردستاندا، لە ساڵی (١٩٩٢- ٢٠١٤) یاسای پارێزگاکانی عێراق کاری پێکراوە. بە پێی ماددە (٥٤)ی ئەم یاسایە، دەبوو هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک، وەکو سێ یەکەی کارگێڕی[٤٢] هەریەکەیان ئەنجومەنێکیان هەبوایە، کە نیوە زیاتری ئەندامانیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیاریبکرانایە[٤٣]، بەڵام لە واقیعدا هیچ هەڵبژاردنێک بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر بنەمای یاسای پارێزگاکانی عێراق ئەنجام نەدراوە. یەکەمین هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستاندا، بە پێی بڕیاری ژمارە (٧١)ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، لە ساڵی ٢٠٠٥دا ئەنجامدرا، نەک بە پێی یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩، کە کارپێکراو بووە لەهەرێمی کوردستاندا[٤٤]. ئەوەش مانای وایە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، وەک یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی جێبەجێنەکراوە.

واتە دەتوانرێت بوترێت هەرچەندە ئاستی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە ماددەو بڕگەکانی یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە ( ١٥٩) ی ساڵی ١٩٦٩ زۆر لاواز بووە، لەگەڵ ئەوەشدا، لە بواری کرداریدا ئەو ئاستە لاوازەی یاساکە، وەک خۆی جێبەجێنەکراوە، بە تایبەت هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیڕەکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە واقیعدا، جیاواز بووە لەوەی کە لە یاسادا دەقنووسکراوە.

لەبەرئەوەی لەگەڵ کارکردن بە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، کارکردن بەم یاسایە ڕاگیراوە، لێرەدا بە پێویستی نازانین بە وردی لەسەر هەموو بڕگەو ماددەکانی ئەم یاسایە بوەستین، بەڵام ئەوەی گرنگە بزانرێت ئەوەیە کە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی کە لەم یاسایەدا دەقنووسکرابوو، هەڵبژاردن بووە بۆ زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق کاری پێنەکراوە، کەچی دامەزراندنی سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان[٤٥]، کە بە پێچەوانەی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕیەوە لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە دادەنران، وەک خۆی لە هەرێمی

[٤٢]- یەکەی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستان پێکدێت لە (پارێزگا، قەزا، ناحیە)... بڕوانە ماددەی (یەکەم/ بڕگەی حەوت) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

[٤٣]- بڕوانە: المادة (٥٤) من القانون المحافظات العراقي رقم (١٥٩) لسنة ١٩٦٩.

[٤٤]- د. ئەمین فەرەج، حکومڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەکە لە پایەو ئاستەنگەکانی (١٩٩٢-٢٠١٣)، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: لوقمان حاجی خدر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل٢٩٤.

[٤٥]- بڕوانە: المادة (١٣) من قانون المحافظات العراقي رقم (١٥٩) لسنة ١٩٦٩ الملغى.

کوردستاندا جێبەجێکراوە.

**دووەم: یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣**

ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان- عێراق، لە ١٩٩٣/٣/٣ بە مەبەستی ڕێکخستنی کارگێڕی خۆجێیەتی و بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان دەرچوێندراوە. بە پێی ئەم یاسایە دەبوو هەر شارەوانییەک ئەنجومەنێکی هەبێت، کە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنەکە هەر چوار ساڵ جارێک بە هەڵبژاردن دیاریبکرێن[٤٦]، بەڵام لە واقیعدا جگە لە یەک هەڵبژاردن کە لە دووکاتی جیاوازدا لە ئیدارەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٠ و لە ئیدارەی هەولێر لە ساڵی ٢٠٠١دا، بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان کراوە، تاکو ئێستا (٢٠٢٢) هیچ هەڵبژرادنێکی دیکە بۆ ئەنجومەنی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدراوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جگە لەوەی یاساکە لەکاتی خۆیدا بە هۆی دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ئیدارە جێبەجێنەکراوە، لە هەمان کاتیشدا نەتوانراوە هەرچوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان ئەنجام بدرێت. بەم پێیە ماوەی یاسایی ئەو ئەنجومەنانە لە سنوری ئیدارەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٤وە و، هەروەها لە سنوری ئیدارەی هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٥وە، بە سەرچوون. بەڵام ناو بە ناو لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە بڕیار تەمەنیان درێژدەکرێتەوە، هەرچەندە لەو ماوەیەدا ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنەکان خانەنشین بوون، یاخود کۆچی دواییان کردووە.

لە دوای تێپەڕ بوونی نزیکەی (٢٠) ساڵ بە سەر ماوەی یاسایی ئەو ئەنجومەنانە، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٩/١٠/٣٠ بە پەسەندکردنی پەیڕەوێک بڕیاری کاراکردنەوەی ئەنجومەنی شارەوانیەکانی دەرکرد[٤٧]. بە پێی پەیڕەوەکە پێکهاتەی ئەنجومەن پێچەوانەی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، گۆڕدراوە بۆ سەرۆکی شارەوانی و جێگرەکەی، هەروەها سەرۆکی فەرمانگە حکومییەکان بەڕێژەی (٧٥٪) و نوێنەری ڕێکخراوە پیشەیی و ناحکومییەکان کە (٢٥٪) زیاتر نەبێ. بە پێی ماددەی (٢/ برگەی یەکەم)ی

---

[٤٦]- بڕوانە: ماددەکانی (١٧ و ١٩) لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

[٤٧]- ئەنجوومەنی وەزیران لە ٢٠١٩/١٠/٣٠ بە بڕیاری ژمارە (٣٢) لەدوای (٢٠) ساڵ پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ی تایبەت بە پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان پەسەند کرد. کە تیایدا سەرۆك و ئەندامان لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە دیاریدەکرێن و لە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەنگیان پێدەدرێت. لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجومەنی شارەوانی کە ژمارەیان (١٨٤) شارەوانیە، بەڕێژەی (٧٥%) لە سەرۆکی فەرمانگە حکومییەکان دەبێت و لە (٢٥%) لە نوێنەری ڕێکخراوە پیشەیی و ناحکومییەکان دەبن. پێشتریش پەیرەوی ژمارە (٥ی ساڵی ٢٠١٧) کاروباری پێکهێنانی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی دیاریکردبوو. .. بۆ خوێندنەوەی دەقی پەیڕەوی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٩ پەیڕەوی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان، بڕوانە: ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان ژمارە (٢٤٦) کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٧ بڵاوکراوەتەوە.

پەیڕەوەکە، سەرۆکی شارەوانی دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی، ئەنجومەنەکەش هەمان ئەو دەسەڵاتانەی دەبێت، کە لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراودا هەیە[٤٨].

دەکرێت بگوترێت پەیڕەوەکەی ئەنجومەنی وەزیران، لەڕووی پێکهاتەی ئەنجومەن و ماف و ئیمتیازاتی ئەندامانەوە، پێچەوانەی دەقەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی شارەوانییەکانە، کە لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ ئاماژەی پێکراوە، چونکە ناکرێت ئەنجومەنێک بە یاسای پەرلەمانی و لەڕێی هەڵبژاردنەوە پێکهێنرابێت، دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە پەیڕەو هەمواری پێکهاتە و دەستکاری ناوەڕۆکی یاساکە بکات و بیگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەی نوێی ئەنجومەن بەپێی پەیڕەوەکە کۆمەڵە کەسانێک دەباتە ئەنجومەن کە هیچ شارەزایی و تایبەتمەندییەکیان لە بواری خزمەتگوزاریی و کاری شارەوانییەکاندا نیە[٤٩].

لەبەرئەوە سەرەڕای هەر تێبینیەک لەسەر ناوەڕۆکی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی١٩٩٣، بەڵام ناوەڕۆکی یاساکە بە ئامانجی بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان و ڕێکخستنی کارگێڕی خۆجێیەتی دەرکرابوو، لە واقیعدا وەک خۆی جێبەجێنەکراوە، لە پێش هەموویانەوە هەڵبژاردنی ئەنجومەنێک هەر چوار ساڵ جارێک لە سنوری شارەوانییەکاندا، بەمەش یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی کە بریتییە لە بوونی ئەنجومەنێکی خۆجێیی هەڵبژێردراو پشتگوێ خراوە.

**سێیەم: یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩**

تاکو کەوتنە بواری جێبەجێکردنی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، چوارچێوەیەکی یاسایی ڕوون بۆ ڕێکخستنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نەبووە. بەڵام ئەم یاسایە توانی بەشێوەیەکی ڕوون سیستەمی کارگێڕی هەرێمی کوردستان بە سیستەمێکی ناناوەندێتیی جێگیربکات[٥٠]. هەروەک لە هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایەدا هاتووە "بە مەبەستی ڕێکخستنی تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و کارگێڕییان لە هەرێمداو پەرەپێدانیان و لە پێناو بەدیهێنانی پرەنسیپی ناسەنتەری لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بە مەبەستی ئاسانکاری و چاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە هاوڵاتیان و پاراستنی ماف و

---

[٤٨]- کاروان کازم و چۆمان محمد، سەرنجی یاسایی لەسەر ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە نێوان مانەوە و هەڵوەشاندنەوەیاندا، ماڵپەڕی زەمەن پرێس،٢٠٢٠/٧/٢١، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە: ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/٢٠)https://bit.ly/٣BVddQf

[٤٩]- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٥٠]- وەرگیراوە لە: د. ئیسماعیل نەجمەدین، لامەرکەزیەتی کارگێڕی پارێزگاکانی هەرێم: پایەو ئاڵنگارییەکانی، گۆڤاری جۆرناڵ: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ژمارە (٤٨)، سلێمانی، ئایاری٢٠٢٠، ل ١٥-١٦.

بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا ئەم یاسایە دەرچوێنرا"[٥١].

هەرچەندە لە بەشی (دووەم و سێیەم)ی یاساکە باس لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزاو ناحییەکان دەکات[٥٢]. بەڵام تاکو ئێستا ئەو ئەنجومەنانە هەڵنەبژێردراون، لەکاتێکدا بە پێی یاساکە دەبوو هەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕیەکان ئەنجام بدرایە[٥٣].

هەر بە پێی یاساکە دەبێت قائیمقام لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی قەزا، بەڕێوەبەری ناحیە لە نێو ئەندامانی ئەنجومەنی ناحیە هەڵبژێردرێن[٥٤]، بەڵام بەهۆی هەڵنەبژاردنی ئەو ئەنجومەنانەوە، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی تایبەت بە پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی دەرکرد. بە پێی بڕیارەکە هەریەکە لە قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لە لایەن ئەنجومەنی پاریزگاوە، دوای پێشکەشکردنی ناویان لە لایەن پارێزگارەوە پەسەند دەکرێن[٥٥]. هەروەها لەسەر کار لادانیان لەسەر داوای پارێزگار یان وەزیری ناوخۆ، بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت[٥٦]. بەڵام لە واقیعدا زۆرجار بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، بڕیاری دانان و لادانی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان دەدرێت[٥٧].

لە یاساکەدا بەڕوونی ئاماژە بەوە کراوە  کە هەرێمی کوردستان لەرووی کارگێڕیەوە دابەشدەکرێت بۆ پارێزگاکان و پارێزگاکانیش بۆ قەزا و ناحیە[٥٨]، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند یەکەیەکی کارگێڕی سەربەخۆی لە چوارچێوەی سنوری پارێزگاکاندا پێکهێناوە وەک ئیدارەی گەرمیان، ئیدارەی ڕاپەڕین، ئیدارەی سۆران و ئیدارەی زاخۆ، بەبێ ئەوەی ئەو یەکە کارگێڕیانە هیچ پاڵپشتییەکی یاساییان هەبێت، یاخود لە یاسادا ئاماژەیان پێکرابێت[٥٩].

---

[٥١]- هۆیە پێویستیەکانی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٥٢]- بڕوانە: ماددەکانی (هەشت، یانزە) هەمان یاسای سەرەوە.

[٥٣]- بڕوانە : ماددەی (چواردەیەم/ بڕگەی یەکەم) لە هەمان یاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە.

[٥٤]- بڕوانە: ماددەکانی (نۆیەم بڕگەی سێیەم، دوانزەیەم بڕگەی یەکەم) لە یاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە.

[٥٥]- بڕوانە: ماددەی (دووەم) لە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ بڕیاری پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە کوردستانی- عێراق.

[٥٦]- ماددەی (سێیەم/ ٢) هەمان بڕیاری سەرەوە.

[٥٧]- بۆ نمونە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بڕیاری ژمارە (١٠١٢٦)ی لە ٢٠١٧/٦/١٢ دەرکرد، کە تایبەتە بوو بە لادانی (ئامانج محمد ئەحمەد) قائمقامی قەزای چەمچەماڵ و گواستنەوەی بۆ دیوانی پارێزگای سلێمانی، هەورەها دانانی (رمك ڕەمەزان قادر) بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر، بۆ پارێزگای سلێمانی، دانانی بە قائمقامی قەزای چەمچەماڵ بە وەکالەت... بڕوانە: بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٠١٢٦)ی لە ٢٠١٧/٦/١٢، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٧/٦)https://bit.ly/3B8lkMF

[٥٨]- ماددەی (سێیەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق

[٥٩]- د. ئەمین فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٥.

لەلایەکی دیکەوە لە ڕێککەوتی ٢٠١٨/٩/٢٤وە، ماوەی یاسایی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆتایی هاتووە، کە بە پێی یاساکە دەبوایە هەڵبژاردنێکی نوێ بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرایە، بەڵام پەڕلەمانی کوردستان ماوەی کارکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی درێژ کردەوە تاکو هەڵبژاردنی خولێکی نوێی ئەنجومەن[٦٠]. ئەو درێژکردنەوەیە پێچەوانەی ماددەی (سی و یەک/ بڕگەی چوارەم)ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە، چونکە ڕاستە پەرلەمان مافی چاودێریکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەیە، بەڵام ئەم چاودێریکردنە چاودێریکردنێکی (استثنائیە) و لە وەدا کورتکراوەتەوە کە پەرلەمان دەتوانێت ئەنجوومەنەکە هەڵبوەشێنێتەوە[٦١]. جگە لەوە پەرلەمان هیچ دەسەڵاتێکی دیکەی نیە، بە تایبەتی درێژکردنەوەی شەرعیەت، چونکە ئەنجوومەنی پارێزگا شەرعیەتی لە پەرلەمانەوە وەرنەگرتووە، تاکو پەڕلەمان بتوانێت بۆ کاتێکی نادیار ماوەی مانەوەی درێژبکاتەوە[٦٢].

کەواتە هەرچەندە لەڕووی تیۆرییەوە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، تاڕادەیەک توانیویەتی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەقنووسبکات، بەڵام بە هۆی جێبەجێنەکردنی سەرجەم ماددە و بڕگەکان، وەک ئەوەی لە یاساکەدا هاتووە، دەبینین بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە ڕووی کردارییەوە لە واقیعی هەرێمی کوردستاندا جێگیرنەبووە.

**چوارەم: یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لەهەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥)**

بەپێی ئەم یاساییە دەبوو پارێزگای هەڵەبجە ئەنجومەنێکی هەبوایە، کە ژمارەی ئەندامانی لە (٢٥) ئەندام زیاتر نەبوایە و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان بکرانایە[٦٣]. بەڵام تاکو ئێستا(٢٠٢٢)، ئەم ئەنجومەنە پێکنەهێنراوە. لە کاتێکدا لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/١٢ لایەنە سیاسییەکانی پارێزگای هەڵەبجە لەسەر دابەشکردنی کورسیەکانی ئەنجومەن و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی ئەو

[٦٠]- بڕوانە: ماددەی (٢) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٦١]- یاساکە لە ماددە (سی و یەکەم)دا، ڕێگەی بە پەرلەمان داوە، تەنها ئەم ئەنجوومەنانە هەڵبوەشێنێتەوە، لە سەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران، یان سێیەکی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەش لە چوار حاڵەتدا: یەکەم/ زیان گەیاندنی مەزن بەو کارو ئەرکەی کە بە ئەنجوومەن سپێردراوە. دووەم/ ئەگەر مانەوەی زیان بەخش بوو بۆ بەرژەوەندی گشتی. سێیەم/ ئەگەر نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات. چوارەم/ لە بارێکدا کە لە دەستور لایدا یان سەرپێچی یاسای کرد...بڕوانە: ماددەی (سی و یەکەم/ چوارەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٦٢]- د. ئیسماعیل نامیق، لە پێش چاکسازی و لامەرکەزیەتدا، پێگەی درەو میدیا، بەرواری بڵاوکردنەوە ٢٠٢٠/٧/٩، بەردەستە لە پێگەی ئەلیکترۆنی:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/١/١٢) https://bit.ly/٣nl٦Bq٦

[٦٣]- ماددەی(٢/ یەکەم) یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

پارێزگایە ڕێککەوتوون[٦٤]. دواتر وەزارەتی ناوخۆ لە ٢٠١٧/٤/١٢ ناوی کاندیدانی پێشنیازکراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجەی بەرزکردەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لەو ڕێککەوتەوە ناوی کاندیدان لە ئەنجومەنی وەزیران ڕاگیراوە و واژۆیان لەسەر نەکراوە[٦٥].

بوونی ئەنجومەنێک یاخود دەستەیەکی هەڵبژێردراو لە یەکە کارگێڕییە ناناوەندییەکاندا بۆ نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتیان وفەراهەمکردنی بەرژەوەندییە خۆجێییەکانیان، بابەتێکی بنچینەیی بوونی سیستەمی ناناوەندێتیی کاگێڕیی خۆجێییە، کە ئەمە لە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەدا جێبەجێنەکراوە[٦٦]. لەبەر ئەوە سەرەڕای هەر تێبینیەک لەسەر ناوڕۆکی یاساکەو یەک نەگرتنەوەی لەگەڵ بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، بەڵام هێشتا بەشێکی گرنگی یاساکە کە خۆی لە پێکهێنانی ئەنجومەنێکی تایبەت بە پارێزگاکە دەبینێتەوە، جێبەجێنەکراوە.

[٦٤]- بڕوانە: دەقی ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی پارێزگای هەڵەبجە لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگا کە لە ٢٠١٧/٣/١٢دا، بڵاوکراوەتەوە، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

https://bit.ly/3JHREIa(٢٠٢٢/٣/٢٤) ڕێکەوتی سەردانی کردن

[٦٥]- بڕوانە: دەقی یاداشت نامەی کاندیدانی پێشنیازکراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە، کە لە ڕێککەوتی ٢٠١٨/٨/٢ ئاراستەی پەڕلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

https://bit.ly/٣Fq٨rfP(٢٠٢٢/١/١٣) بەرواری سەردانیکردن

[٦٦]- م. ی. سۆران علی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٠.

## دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان

**یەکەم: دەرئەنجامەکان**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتووین بە چەند دەرئەنجامێک کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوختیان بکەینەوە:

**١**- لە پێناو بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان لەسەر بنەمای ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا کاربە چەند یاسایەک کراوە، کە ئەوانیش یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩، یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٩٣، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لەهەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥.

٢- گرنگترین بنەمای ناناوەندێتیی کارگێڕی کە لە یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە ١٥٩ی ساڵی وهەروەها ١٩٦٩دەقنووسکرابوو، بریتیی بووە لە هەڵبژاردنی نیوە زیاتری ئەندامانی ئەنجومەنی پاریزگاکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەی تاکو ساڵی ٢٠١٤ئەم یاسایە بەرکاربووە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام هیچ هەڵبژاردنێک بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پاریزگاکان بە پیی ئەم یاسایە ئەنجامنەدراوە. بەمەش یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی کە بریتییە لە بوونی ئەنجومەنێکی خۆجێیی هەڵبژێردراو پشتگوێ خراوە

٣- یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣، کە ئامانجی بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان و ڕێکخستنی کارگێڕی خۆجێیەتی دەرکرابوو، لە واقیعدا وەک خۆی جێبەجێنەکراوە، لە پێش هەموویانەوە هەڵبژاردنی ئەنجومەنێک هەر چوار ساڵ جارێک لە سنوری شارەوانییەکاندا.

٤- بەهۆی لاوازی دەقنووسکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، هەروەها  تێکهەڵچوونی لەگەڵ یاسا بەرکارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا، نەتوانراوە بڕگەو ماددەکانی ئەو یاسایە، وەک خۆی جێبەجێبکرێت و پایەکانی سیستمێکی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا بچەسپێنرێت.

٥- بە پێچەوانەی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، ڕۆڵی حکومەتی ناوەندی بەتەواوی بەسەر یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەدا زاڵە. لەبەرئەوە بە جێبەجێکردنی تەواوی ماددەو بڕگەکانی یاساکەش، هێشتا ناتوانرێت پایەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە ئەرزی واقیعدا بچەسپێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر دەرکردنی یاساکەدا، تاکو ئێستا پارێزگاکە ئەنجومەنی پارێزگای نییە.

**٦**- سەرەڕای هەر تێبینیەک لەسەر کۆی ئەو یاسایانەی کە بە ئامانجی دابەشکردنی دەسەڵاتی کارگێڕی و جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا پەیڕەوکراون، بەڵام بەهۆی ململانێی حیزبی و شیوازی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی، کارگێڕی، داراییەوە، نەتوانراوە ئەو یاسایانە، وەک خۆیان جێبەجێبکرێن، لە بەرئەوە واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا، تەباو گونجاو نییە لەگەڵ بنەمایاساییە

دەقنووسکراوەکاندا.

**دووەم: ڕاسپاردەکان:-**

بە ئامانجی جێبەجێکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، بە پێویستی دەزانین چەند ڕاسپاردەیەک بخەینە ڕوو:-

١- پەرلەمانی کوردستان کاربکات بۆ ئەوەی لە نزیکترین ماوەدا، هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستوری نوسراوی خۆی، کە تیایدا بنەما گشتییەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی بەرجەستە بکرێت و ببێتە گەرەنتییەك بۆ ڕێکخستن و جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- ناناوەندێتیی کارگێڕی پرۆسەیە و پێویستی بە کاری بەردەوام و قۆناغبەندیی هەیە، لەبەرئەوە گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چەند قۆناغێک و بە دیاریکردنی کات، هەنگاو بە هەنگاو کار بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا بکات.

٣- پەرلەمانی کوردستان ڕێکاری کارگێڕی و یاسایی بگرێتە بەر بۆ دروسکردنی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە.

٤- پابەند بوون بە وادەی یاسایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان بە جۆرێک؛ هەر چوارساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی یەکە کارگێڕییەکان لەوادەی یاسایی خۆیدا ئەنجامبدرێت.

٥- دەسەڵاتی یاسادانان چارەسەری بۆ شایی یاسایی ئیدارە سەربەخۆکان بکات، لە ڕێگەی دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە ئیدارە سەربەخۆکان، یاخود ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی هەموارکردنەوەی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

٥- حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکات بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو ماددەو بڕگانەی لە یاسای ئەنجومەنی پاریزگاکاندا هاتووە، وەک خۆی جێبەجێبکات، لەهەمانکاتیشدا گرنگە لە کاتی دەرکردنی بڕیارو ڕێنماییەکاندا، ڕەچاوی ئەو یاسایانە بکات کە تایبەتمەندن بە جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی، حکومەت لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاسایانەدا؛ بڕیارو ڕینماییەکان دەربکات.

٦- گرنگە پارتی و یەکێتی، وەک دوولایەنی سیاسی سەرەکی، کە هەریەکەیان خاوەن یەکەی سەربازی تایبەت بە خۆیانن و لە ناوچەیی نفوزی خۆیان دەسەڵاتی تەواویان هەیە، کار بکەن بۆ بونیادنانی حکومەتێکی خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینە و دامەزراوەی بەهێز بێت، ئەوەش لە ڕێگەی نەهێشتنی شوێنەوارەکانی دوو ئیدرەیی لە سەرجەم بوارەکاندا، لەگەڵ کۆتایی هێنان بە ململانێی حیزبایەتی و پرۆسەی بە حیزبیکردنی دامەزراوە حکومیەکان.

## لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: بەڵگەنامە فەرمییەکان (الوثائق الرسمية)**

**آ- دەستورەکان (الدساتیر):-**

١.دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵی ساڵی ٢٠٠٥

٢.پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق ساڵی ٢٠٠٩.

**ب- یاساکان (القوانین)**

١.قانون رقم (١٥٩) لسنة ١٩٦٩ قانون المحافظات العراقي

٢. قانون رقم (٣٣) لسنة ١٩٧٤ قانون الحكم الذاتي لمنطقة كردستان

٣.یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

٤.یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

٥.یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان- عێراق.

٦.یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

**ج- بڕیارو نوسراوە فەرمییەکان (القرارات والكتب الرسمية)**

١. بڕیاری ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق، ژمارە (١١) لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/٣١.

٢. بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ بڕیاری پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە کوردستانی- عێراق.

٣. پەیڕەوی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩

٤. دەقی ڕێکەوتنی لایەنە سیاسییەکانی پارێزگای هەڵەبجە لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە لە ٢٠١٧/٣/١٢.

٥. دەقی یاداشت نامەی کاندیدانی پێشنیازکراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە، لە ٢٠١٨/٨/٢.

٦. امر سلطة الائتلاف المؤقتة في العراق رقم (٧١) لسنة ٢٠٠٤.

**دووەم: فەرهەنگەکان (القوامیس)**

١.ئەحمەد شەبانی، فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان، لە بڵاو کراوەکانی زانکۆی کوردستان، سنە- ئێران، ٢٠١٠.

٢.احمد العاید وآخرون، المعجم العربي الأساسي، المنظمة العربیة للتربیة و الثقافة والعلوم، ناشر لاروس، ١٩٨٩.

**سێیەم: کتێبەکان (الکتب)**

**آ- کوردییەکان:-**

١.د. خامۆش عومەر، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١.

٢.د. زانا ڕەئوف و د. دانا عەبدولکەریم، بنەما گشتییەکان لە یاسای کارگێڕیدا، وەرگێڕانی:

عەبدولقادر صالح، چاپخانەی کارۆ، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٧.
٣.د. ئاکۆ حمە کەریم و ئەوانی دیکە، پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەکان، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٥.
٤.د. ئەمین فەرەج، حکومڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەکە لە پایە و ئاستەنگەکانی (١٩٩٢-٢٠١٣)، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: لوقمان حاجی خدر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩.
٥.دلاوەر عەبدولعەزیز، دەوڵەتسازیی (نەخشە ڕێگایەک بۆ سەروەرکردنی یاساو بەدامەزراوەییکردنی هەرێمی کوردستان)، ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە، هەولێر، ٢٠١٨.
٦.ڕێبەری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (خولی دووەم)، ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان، کتێبی یەکەم، چاپخانە (نەنوسراو)، سلێمانی، ٢٠١٥.
٧.محمد ڕەوف، هەڵبژاردن لە کوردستان، چاپخانەی ناوەندی سارا، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٨.
٨.هۆگر ئیبراهیم، سروشتی دیموکراتی لامەرکەزیەتی کارگێڕی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧.

**ب- عەرەبییەکان:-**

١.د. طعيمة الجرف، القانون الاداري (دراسة مقارنة في التنظيم و نشاط الادارة العامة)، دار الحمامى للطباعة، قاهرة، ١٩٧٠.
٢.د. عثمان خليل، القانون الاداري، ط٢، دار الفكر العربي، ١٩٥٤.
٣.د. غني زغير و د. ميسون طه، مباديء القانون الاداري والتنظيم الاداري في العراق، كلية الامام الكاظم، ٢٠١٩.
٤.د. ماجد راغب الحلو، القانون الاداري، دار المطبوعات الجامعية، الاسكندرية- مصر، ٢٠٠٠.
٥.د. مازن راضي ليلو، القانون الاداري، منشورات الاكاديمية العربية فى الدانيمارک، ٢٠٠٨.
٦.د. ماهر صالح، مباديء القانون الاداري (دراسة مقارنة)، جامعة بغداد- كلية القانون، بغداد، ٢٠٠٩.
٧.د. مصطفى كامل، شرح القانون الاداري، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٤٩.
٨. سمير محمد ، اللامركزية و الحكم المحلي بين النظرية و التطبيق، مركز دراسات و استشارات الادارة العامة، القاهرة، ٢٠٠٩.
٩.علي محسن عاصي التميمي، اللامركزية الادارية في العراق بعد عام ٢٠٠٣ الواقع... والمستقبل مجلس محافظة بغداد نموذجآ، دار الكتب والوثائق ببغداد، ٢٠١٩.
١٠. محمد ڕەسوڵ، سیستەمی کارگێڕی هەرێم چۆن بە ناناوەندی بکرێت؟ چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٠.
١١. وليد غالب، الواقع اللامركزية السياسية في العراق و اثرها المستقبلية، دار انكي للنشر و التوزيع، بغداد، ٢٠٢١.

**ج- ئینگلیزیەکان**

1. Lune, H. and Berg, B.L., 2017. *Qualitative research methods for the social sciences*. Pearson.

**چوارەم: نامەی ماستەر**

١. صالح تۆفیق، التنظيم القانوني لمجالس المحافظات فی اقليم كردستان العراق، رسالة ماجستير، كلية القانون والسياسة- قسم القانون، جامعة سليمانية، سنة ٢٠١٧.

**پێنجەم: توێژینەوە زانستییەکان (البحوث العلمية)**

**آ- کوردییەکان:-**

١.د. یوسف گۆران و ئەوانی دیکە، ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕانانی ئایندەیی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی کە سەنتەرێکی زانستی ناحکومیە و گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات لە سلێمانی دەریدەکات، ژمارە (٣)، نیسانی٢٠٢٠.

٢.د. ئیسماعیل نەجمەدین، لامەرکەزیەتی کارگێڕی پارێزگاکانی هەرێم: پایەو ئاڵنگارییەکانی، گۆڤاری جۆرناڵ: ناوەندی کوردســتان بــۆ توێژینــە وە لــە ململانــێ و قە یرانــە کان دەریدەکات، ژمارە (٤٨)، سلێمانی، ئاياری٢٠٢٠.

٣.م. ی. سۆران علی حسن، پێکهێنان وتایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی ناناوەندی کارگێڕی، گۆڤاری یاساو ڕامیاری: گۆڤارێگی نیو ساڵانەی ئەکادیمی تۆکمەیە لە لایەن کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدینەوە دەردەکرێت، ساڵی سێزدەهەم، ژمارە (١٨)، هەولێر، کانونی یەکەمی ٢٠١٥.

**ب- عەرەبییەکان**

١.ذکری عبد الستار حميد، معوقات التحول إلى اللامركزية في الادارة الحضرية/ حالة العراق، بحث مقدم إلى المنتدى الوزاري العربي الاول للاسكان والتنمية الحضرية، القاهرة،  ك ١/ ٢٠١٥.

٢.فريجة محمد هشام، اللامركزيـة، أسلوب للتنمية، مجلة الاستاذ الباحث للدراسات القانونية و السياسية: مجلة فصلية دولية علمية محكمة تصدرها كلية الحقوق و العلوم السياسية- جامعة محمد بوضياف- الجزائر، العدد السابع، المجلد الثاني، سبتمبر٢٠١٧.

**شەشەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان**

**آ- ماڵپەڕە فەرمییەکان:-**

١. ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستان: https://www.parliament.kr

٢. ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان: https://bit.ly/3Bavix9

٣. ماڵپەڕی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی: https://bit.ly/3CMJIV9

**ب- وتارەکان:-**

١. د. ئیسماعیل نامیق، لە پێش چاکسازی و لامەرکەزیەتدا، پێگەی درەو میدیا، بەرواری بڵاوکردنەوە ٢٠٢٠/٧/٩، بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی: https://bit.ly/3nl6Bq6

٢. کاروان کازم و چۆمان محمد، سەرنجی یاسایی لەسەر ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە نێوان مانەوەو هەڵوەشاندنەوەیاندا، ماڵپەڕی زەمەن پرێس،٢٠٢٠/٧/٢١، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:
https://bit.ly/٣BVddQf